Fjölmenningardeild
Vinnumálastofnunar
Multicultural Information Centre

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون

## Housing – Renting a Flat

**زانیاری بۆ ئەوکەسانەی کە تازەکی ماڤی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە ڵاتی ئایسلاندا**

Information for people who have just been granted the status of refugees in Iceland

## 1. شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون

a) لە دووای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی مۆڵەتی هەتا دوو هەفتە مانەوە هەیە لەو شوێنانەی دەستنیشان کراون بۆ ئەو کەسانەی داوای مافی پەنابەریان کردووە. پێویستە گەڕان بەدووای شوێنی نیشتەجێبووندا لە کارە هەنووکەییەکان بێت .

b) بۆ گەڕان بە دووای ژور/فلات/خانوو بۆ کری بڕوانە :

https://myigloo.is/

http://leigulistinn.is/

https://www.leiguland.is/

https://www.al.is/

https://leiga.is/

http://fasteignir.visir.is/#rent

https://www.mbl.is/fasteignir/leiga/

https://www.heimavellir.is/

https://bland.is/solutorg/fasteignir/herbergi-ibudir-husnaedi-til-leigu/?categoryId=59&sub=1

https://leiguskjol.is/leiguvefur/ibudir/leit/

**- هەروەها لە بەشی بۆ کری لەناو** Facebook

## 2. گرێبەستی کری

a) ڕێکەوتن لەسەر گرێبەستی کری خانوو هەندێک ماف بۆ کرێچی دەگەڕێنێتەوە .

b) مۆرکردن و تۆمارکردنی گرێبەست لە لای Syslymaður قایمقامیەتەوە بەڕێوە دەچێت. بۆ زانینی شوێنی قایمقامی ناوچەی دانیشتنت بڕوانە ئێرە : https://www.syslumenn.is/

c) پێویستە گرێبەستی کری خانووت ئامادە بێت بۆ ئەوەی بتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ وەرگرتنی قەرزی پێشینەی کری و هاوکاری تایبەتی کرێچێتی .

d) پێویستە پێشەکیەک،وەک ڕەهن، دابنرێت لای خاوەن موڵک. دەتوانیت داوای وەرگرتنی قەرز بۆ پێشەکی کری خانوو لە بنکەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش بکەیت، یان لەجێگای تربە نمونە: https://leiguvernd.is و https://leiguskjol.is

e) پێویستە بە باشی هەڵس و کەوت بکرێت، گرنگی بدرێت، بە شوێنی نیشتەجێ، ڕەچاوی ڕێساکانی بلۆک و بەندەکانی گرێبەست بکرێت. پێویستە کرێخانوو لە کاتی خۆیدا بدرێت بکە ئەوانە زۆر گرنگن بۆ نامەی پشتیوانی بۆ خاوەن ماڵی داهاتوو.

## 3. وادەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کرێ

### 1) سەبارەت بە گرێبەستی کراوە/دیاری نەکراو:

a. ٣ مانگ بۆ هەردوولا بۆ گرێبەستی ژور.

b. ٦ مانگ بۆ گرێبەستی فلات/خانوو، بەڵام ٣ مانگ ئەگەر کرێچی زانیاری تەواوی پێشکەش نەکردبوو یان مەرجەکانی ناو گرێبەستەکەی جێ بەجێ نەکرد .

### 2) سەبارەت بە کۆتا پێهێنانی گرێبەستی کاتیی / دیاری کراو:

- ڕێکەوتن لەسەر گرێبەستی کرێی کاتی تەواو دەبێت لە ڕۆژی دیاریکراویدا بەبێ ڕاگەیاندن و بێ ئاگادارکردنەوەی تایبەت. ئەگەر کرێچی زانیاری تەواوی پێشکەش نەکرد یان مەرجەکانی ناو گرێبەستەکەی جێ بەجێ نەکرد، ئەوا خاوەن موڵک بۆی هەیە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە بە پێدانی وادەی تا ٣ مانگ بۆ چۆڵ کردن.

## 4. یارمەتی کرێ نشینی/هاوس بینیفیت

a) یارمەتی کرێ نشینی برە پارەیەکی مانگانەیە بە مەبەستی یارمەتی کرێ خانوو بۆ ئەوانەی داهاتیان نزمە.

b) بڕی یارمەتییەکە ئەوەستێتە سەر، کرێی نیشتەجێ، ژمارەی ئەندامانی خێزان، کۆی داهات و موڵک .

c) پێویست دەکات بە پیشاندانی گرێبەستی فەرمی و مۆرکراو لەلایەن Syslymaður وە .

d) پێویست دەکات بە گواستنەوەی خانە و گۆڕینی ناونیشان بۆ شوێنی یاسایی و تۆمارکراو لە ئاماری نیشتیمانی ئایسلاندی لە پێش داوای یارمەتی کرێنشین : https://www.skra.is/umsoknir/rafraen-skil/flutningstilkynning/

e) لێرەوە دەتوانیت فۆرمی داوای یارمەتی کرێ نشینی پێشکەش بکەیت: https://www.husbot.is

f) بۆ زانیاری زیاتر : https://hms.is/husnaedisbaetur/housing-benefit/

## 5. هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێ بوون

دەتوانرێت داوایەک پێشکەش بکرێت لە لای کارمەندی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی وەرگرتنی ئەم هاوکارییە کۆمەڵایەتییانەی لەی خوارەوە. پێویستە بزانیت کە هەموو داواکارییەکان هەڵدەسەنگێنرێن بە پێی مەرجی خۆیان و بە پابەند بوون بە ڕێساکانی شوێنی نیشتەجێ بۆ هەر شارەوانییەک بۆ پێدانی هەر هاوکارییەکی شایستە:

a) قەرز بۆ پێشەکی کرێ خانوو (تەئمین/ڕەهن)، هاوتای کرێی ٢ بۆ ٣ مانگ کرێ

b) پشتیوانی ناوماڵ: برە پارەیەک بۆ کڕینی پێداویستییە سەرەکییەکانی ناوماڵ ، بەم شێوەیە :

1. 100.000 کرۆنە. ئەوپەڕەکەی بۆ کڕینی ناوماڵ ، شتی پێویست .
2. 100.000 کرۆنە. ئەوپەڕەکەی بۆ کڕینی ئامێری کارەبایی ، ئامێرە پێویستەکان.
3. 50.000 کرۆنە بۆ هەر منداڵێک. هاوکاری بۆ کڕینی کەلو پەلی منداڵ ، پێداویستی سەرەکیی.

c) یارمەتیی تایبەتیی کرێ: مانگانەیەکی تایبەتە بۆ سەر یارمەتییەکانی تری نیشتەجێ بوون. ئەم برە پارە تایبەتە جیاوازی هەیە لە نێوان شارەوانییەکاندا.

## 6. تەئمین یان پێشەکی کرێ خانوو

a) دیاردەیەکی باوە کە کرێچی پێشەکیەک دابنێت وەک تەئمین/ڕەهن کە بڕەکەی هێندەی ٢ بۆ ٣ مانگ کرێیە. دەتوانیت داوای وەرگرتنی قەرز بۆ پێشەکی کرێ خانوو لە بنکەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش بکەیت. پێویستە قەرزەکە بە شێوەی مانگانە بدرێتەوە.

b) بڕە پارەی پێشەکی/تەئمینەکە دەگەڕێتەوە سەر حسابی کرێچی لە دووای چۆڵکردن.

c) کاتێک کرێچی ئەگوێزێتەوە؛ **زۆر گرنگە فلاتەکە لە حاڵەتێکی باشدا بگەڕێنێتەوە ، هەمووکەل و پەلەکان وەک ڕۆژی چوونە ناو ماڵەکە و بێ زیان بن هەتا بتوانرێت هەموو پێشەکییەکە وەربگیرێتەوە.**

d) چاککردنەوە و دەست پیاهێنانی گشتی لەسەر خاوەن موڵکە، بەڵام ئەرکی کرێچییە کە  ئاگاداری خاوەن ماڵ بکاتەوە لە ڕوودانی زەرەر و شکاوی .

e) کرێچی لێپرسراوە لە هەر زەرەر و زیانێک کە دەیدات لە موڵک. تێچووی چاککردنەوەی ئەرز و دیوار ، دەرگا و پەنجەرە یان هەر ئامێر و کەل و پەلێکی ناوماڵ لە پارەی تەئمینەکە دادەشکێنرێت لە کاتی چۆڵکردن و گواستنەوە. ئەگەر تێجووی زیانەکان لە پێشەکییەکە زیاتر بوو ئەوا پێویستە کرێچی جیاوازییەکە بدات بە خاوەن موڵک.

f) لە کاتی بە کرێ گرتنی خانوو/فلات/ژور وا پێویستە وێنەی شوێنەکە بگیرێت لەگەڵ وێنەی ئامێرەکانی ناوی کە لە گرێ بەستەکەدا هاتووە، وێنەکان بە ئی مایڵ بنێررێت بۆ خاوەن موڵک وەک بەڵگەیەک بۆ کاتی چۆڵکردن تا دڵنیایی بکرێت لە بەرپرسیارێتی لە هەر زیانێک کە ڕووی دابێت.

## 7. ئەو زیانە باوانەی کە ڕەنگە ڕوو بدەن لە شوێنی نیشتەجێ

**بۆ بەرگرتن لە زیانی گەورە بە ناو ماڵ ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانە بکرێت:**

أ) زیانی شێدار لە ئایسلەندا باو بووە بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئاوی گەرم لە ژوورەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شێیەکی زۆر لە کاتی دوشکردن، چێشت لێنان، شۆردن و وشککردنەوەی جل و بەرگ، یان قاپ شۆردن. پێویستە ئاگاداری کەمبوونەوەی کۆبوونەوەی شێ بێت بە هەواگۆڕکێی چەند جارێک لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی ١٠-١٥ خولەک هەر جارێک و دەستبەجێ سڕینەوەی هەر شێیەک کە لەسەر پەنجەرەکان دروست بوو.

ب) ئاو مەڕێژە سەر زەوی بۆ پاککردنەوەی؛ لەبری ئەوە، قوماشێکی باش چەقێنراو بەکاربهێنە بۆ سڕینەوەی زەوییەکە.

ج) لە ماڵە ئایسلەندییەکاندا نەریتی نییە پێڵاو لە ژوورەوە لەبەر بکرێت، چونکە شێ و پیسی هەڵدەگرێت کە زیان بە زەوی دەگەیەنێت.

د) هەمیشە تەختەی وردکردن بەکاربهێنە. میوە/سەوزە ڕاستەوخۆ لەسەر مێزەکان مەبڕن.

## 8. شوێنە هاوبەشەکان

أ) لە زۆربەی باڵەخانە شوقەییەکان کۆمەڵەی نیشتەجێبوون هەیە و کۆبوونەوەی خانووبەرە ئەنجام دەدرێت کە خاوەن ماڵەکان لەسەر یاساکانی خانوو و ڕێککەوتن لەسەر شوێنە هاوبەشەکان و پارەدانی مانگانە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون ڕێکدەکەون.

ب) لە هەندێک لە کۆمەڵەی دانیشتووان، پاککردنەوەی شوێنە هاوبەشەکان پارەی بۆ دەدرێت؛ لە هەندێکی تردا دانیشتووان بە نۆرە شوێنە هاوبەشەکان پاک دەکەنەوە و دەبێت فێربن چی پێویستە بکرێت و چاودێری شۆفتەکان بکەن بۆ ئەوەی بزانن کەی نۆرەی خۆیانە.

ج) دەتوانرێت پاسکیل و عەرەبانە و هەندێکجاریش ئۆتۆمبێلی بەفری لە شوێنی هەڵگرتنی پاسکیل هاوبەشی بیناکەدا هەڵبگیرێت. ناوچە هاوبەشەکانی بیناکە بۆ هەڵگرتنی شتومەکی تر نییە جگە لەوانەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە؛ بۆ ئەم مەبەستەش شوێنێکی بچووکی هەڵگرتن بە هەر شوقەیەکەوە بەستراوەتەوە.

د) زۆر گرنگە خۆت ئاشنا بکەیت بە هەر یاسا و ڕێسایەک سەبارەت بە بەکارهێنانی ژووری جلشۆر و ڕەقەمی وشککردنەوە و ئامێری جل شۆردن و وشککەرەوەی هاوبەش.

هـ) زبڵ و خاشاک پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ڕیزبکرێت بۆ ناو سەبەتەی ڕیسایکلکردن. زانیاری سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێت چی بخرێتە ناو هەر سەبەتەکەوە لەسەر قاپەکە دانراوە. پلاستیک و کاغەز لە زبڵی گشتیدا فڕێ مەدە. کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و پاشماوەی مەترسیدار و زبڵ کە لەناو دەفرەکانی ناو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونەکەدا جێی نابێتەوە پێویستە ببرێنە دەفرە ناوخۆییەکان یان ناوەندەکانی ڕیسایکلکردن.

و) دەبێت لە کاتژمێر ١٠ی پاشنیوەڕۆوە کاتژمێرە بێدەنگەکان ڕەچاو بکرێت. تا کاتژمێر ٧ی بەیانی.